## یاساكانی ڕێكخستنی ئیجازەی خانوو Laws for Planning Regulationl

ئیجازەی خانوو پێکهاتووە لە ڕێکخستنی پلانی بیناسازی بۆ پڕۆژەکە و لێکۆڵینەوە لە توانای ڕاگری پڕۆژەکە و ڕێنمایی ئاگرکەوتنەوە و بەرگری پارچە ڕاگرەکانی بیناکە لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا و خزمەتگوزارییە دابینکراوەکان بۆ پڕۆژەکە.
ئەم ڕێنماییانەش لە هەردوو یاسای ژمارە 44/1935 و ژمارە 165/1964 دا هاتووە. لە یاساکاندا هاتووە، چ بینایەک ئیجازە وەرئەگرێت و هەروەها چ مەرجێک دانراوە بۆ زەویزار و ڕێگای هاتووچۆی ناوی.

# یاساكانی شارەوانی لە عێراق و هەرێمی كوردوستان

- نظام ألطرق و ألابنية رقم (44) لسنة (1935) ألمعدل
نظام ألبلديات رقم (165) لسنة (1964)
قانون إدارة بلديات إقليم كوردستان العراق رقم 16 لسنة 1993

ئامادەکردنی:
د. م. ئاسۆ سەیوانی(2009)

**پێشەکی**
بۆ دەستکەوتنی زانیاری زیاتر لەبابەت یاسای بیناسازی یەوە، بە پێویست ئەزانریت، کە یاساکانی تا ئێستا، کە لەبابەت چۆنێتی تەنزیم کردنی ڕێوشوێنی تایبەت بە بینا درووست کردنەوە دەرچوون، کۆ بکرێنەوە و بکرێن بە بنەما بۆ گۆڕانکاری پێویست لە یاساکانی داهاتوودا.

بۆ ئەم مەبەستە، پێشنیار ئەکەم، کە کۆلێجی ئەندازیاری، گرنگی تایبەت بدات بەم بابەتە، بەوەی کە لێکۆڵینەوەی پێویستی بۆ بکات و بیکاتە وانەی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆدا.
ئەمەش بەهۆی هێنانی پسپۆڕی شارەزاوە لە بوارەکەدا ئەنجام ئەدرێت، کە بتوانن یاساو ڕێساکانی بینا درووست کردن و مافی بیناسازی لە وولاتدا بۆ خوێنکاران و هاووڵاتیان ڕوون بکەنە وە، کە لە داهاتوو دا سوودێکی هەرە بەرچاوی دەبێت.
بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پەڕەگرافەکانی یاساکانی شارەوانیەکان بە پووختی شیبکرێنەوە و بە پێی بنەما یاساییەکانی پڕۆژەکان ئەنجام بدرێن.
ئەم کارەش سەرەتایەک ئەبێت، بۆ دەرچوون لە دیاردەی زیادەڕۆیی و جێبەجێ نەکردنی یاساکانی بینا، بەمەرجێک ڕێنماییەکانی شارەوانییەکان بەشێوەیەکی گوونجاوتر دابڕێژرێن و کاریگە ریان زیاتر بێت لەسەر هاووڵاتیان، ئەویش بەهۆی بەدواداچوونی بەردەوام و لێپرسینەوەی هەمیشەیی لە پڕۆژەکان و پەیڕەویکردنی سیستمی جەزاکردن بۆ سەرپێچیانی ڕێنماییە یاساییەکانی بینا لەکاتی ئەنجامدانی پڕۆژەکاندا.

وەک لە وولاتە ڕۆژئاواییەکاندا باوە، یاساکانی بینا و مافی بیناسازی، ڕوکنێکی سەرەکیە لە خوێندنی ئەندازیاری دا لە زانکۆ تەکنیکی یەکاندا، بەتایبەت بۆ خوێندکارانی بەشی تەلارسازی و بەردەوام لە هەوڵدان بۆ پێشخستنی ئەم بوارە، لەبەر ئەم هۆیەش بەئەرکی زانکۆکانمانی ئەزانم، کە لێکۆڵینەوەی پێویست بکەن بۆ یاساکانی شارەوانیەکان دەرحەق بە بواری بیناسازی، کە لە سەدەی ڕابووردودا دەرچوون و هەتا ئەمڕۆش بەردەوام کاریان پێئەکرێت،
بەتایبەتی کە ئەو یاسایاناش لە وولاتی ئێمە بوونیان هەیە و لەوانەش:

1- نظام ألطرق و ألابنية رقم (44) لسنة (1935)
2- قانون ألبلديات رقم 165 لسنة 1964
3- قانون ادارة بلديات أقليم كوردستان ألعراق رقم 6 لسنة 1993

**پێشەکی**

## 1- نظام ألطرق و ألابنية رقم (44) لسنة (1935)
## یاسای ڕێگاو بینای ژمارە (44)ی ساڵی (1935)

**أ- بەشی یەکەم: پێشەکی**
لقی یەکەم: لە سنووری شارەوانییەکان دا
لقی دووهەم: لە بابەت ڕێگای هاتووچۆوە
لقی سێهەم: لە بابەت جێبەجێ کردنی نەخشە ی شەقام و ڕێگاوە
لقی چوارهەم: لە بابەت ڕووبەری بەجێهێڵراوی سەر شەقام و ڕێگاوە
لقی پێنجەم: لە بابەت دابەش کردنی موڵکەوە بەسەر یەکەی درووست کردن دا
لقی شەشەم: لە بابەت شۆستەو ڕووبەری ئەملاولای جادەکانەوە
لقی حەوتەم: لە بابەت بینا و چۆنێتی درووست کردنیەوە
**لقی هەشتەم: لە بابەت ئیجازەی بینا درووست کردنەوە**
لقی نۆهەم: لە بابەت بینای قەدەغەوە
لقی دەهەم: لە بابەت ئەندازیاران و ڕێپێدراویانەوە

**ب- بەشی دووهەم: ناوچەکان**
لقی یەکەم: ناوچەی یەکەم و ناوچەی دووهەم
لقی دووهەم: ناوچەی سێهەم و ناوچەی چوارهەم و ناوچەی مومتاز
ج- بەشی سێهەم: هەمەڕەنگ

Saiwani

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

## 2- قانون ألبلديات رقم 165 لسنة 1964
## یاسای ئیدارەی شارەوانییەکان ژمارە (165)ی ساڵی (1964)

بەشی یەکەم: پێشەکی
بەشی دووهەم: درووستکردنی شارەوانییەکان
بەشی سێهەم: لابردنی شارەوانییەکان
بەشی چوارهەم: صەلاحیاتی شارەوانییەکان
بەشی پێنجهەم: کارکردن لە شارەوانییەکان
بەشی شەشەم: کۆنگرەی شارەوانییەکان
بەشی حەوتەم: دادگاییکردن و جەزادان لە شارەوانییەکان دا
بەشی هەشتەم: بەندی هەمەڕەنگ

## 3- قانون ادارة بلديات أقليم كوردستان ألعراق رقم 6 لسنة 1993
بەشی یەکەم: زاراوەکان و ئەرکەکان
بەشی دووهەم: درووست کردنی شارەوانییەکان
بەشی سێهەم: هەڵوەشاندنەوەی شارەوانییەکان
بەشی چوارهەم: صەلاحییاتی شارەوانییەکان

**تعديل مبالغ رسوم منح اجازات البناء والترميم للمباني السكنية قرار رقم (92) لسنة (2001)**

**کۆنوس ژمارە (1) ڕێنماییەکانی تایبەت بە مۆڵەتی درووست کردنی بینا**
یەکەم: مۆڵەتی بینای نیشتەجێ
دووەم: مۆڵەتی بینای بازرگانی

Saiwani

## نظام ألطرق و ألابنية رقم (44) لسنة (1935) ألمعدل

ئەم یاسایە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەوە هاتە بەرهەم، کە پێویست بوو بهێنرێت بەسەر یاسای شارەوانییەکانی ژمارە (84)ی ساڵی (1931) دا، کە ئەویش خۆی پشتی بە یاسای بیناوڕێسای بینای سەردەمی عوسمانییەکان بەستبوو.
بەهۆی گەشەسەندنی بواری نەخشەسازی شاروشارۆچکەکانی عێراق و پێویستی پرەودان بە بواری سیاسەتی تەنزیم کردنی زەوی بۆ بینا، جارێکی تر بە پێویست زانرا، کە لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکاندا ڕیفۆرمی گونجاو ئەنجام بدرێت. ئەم کارەش بە (ڕێسای ڕێگاو بینای ژمارە (44)ی ساڵی (1935)) کۆتایی هات، کە هەتا ئەمڕۆش کار کردن پێی بەردەوامە.

یاسای ڕێگاو بینای ژمارە (44)ی ساڵی (1935)
تەنها ڕێسایەک بۆ تەنزیم کردنی کاروباری بینا دروستکردن و بەکارهێنانی زەوی لە عێراق دا، کە مافێکی یاسایی هەبێت و لەلایەن فەرمانڕەوایی عێراقەوە دانرابێت، یاسای ڕێگاو بینای ژمارە (44)ی ساڵی (1935)ە، کە سەرچاوەکەشی یاسای شارەوانی ژمارە (84)ی ساڵی (1931)ە.

ڕێنماییەکانی ئەم یاسایە لە سێ بەشی سەرەکی دا خۆی ئەبینێتەوە:

### أ- بەشی یەکەم: پێشەکی

ئەم بەشە ئەم کارانە لەخۆ ئەگرێت:
1- تەنزیمی دابەشکردنی ناوچەکانی شاروشارۆچکەکان ئەکات و دابەشی ئەکات بەسەر (ڕووبەری بیناو ناوچەی بیناکردن) دا.
2- کاروباری بیناکردن جێبەجێ ئەکات لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەهۆی دروستکردنی بیناوە دێن بەسەر خاوەن موڵک دا لە سنووری شارەوانی دا.
بەشی یەکەم پێک دێت لە (10) لقی سەرەکی کە بەم شێوەیەی خوارەوە دارشتنی بۆ کراوە:

**لقی یەکەم: لە سنووری شارەوانییەکان دا**

بەپێی ئەم لقە، کاری ئەنجومەنی شارەوانی یە، کە سنووری شارەوانییەکەی بکێشێت، بە دەست نیشان کردنی گەرەکەکان و خانوەکانی و ئەگەری فراوان کردنی ناوچەکان و دەست نیشان کردنیان لەسەر نەخشەی ناوچەکان بە پێوەرێک کە کەمتر نەبێت لە (1:2500).
دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ نەخشەکان لە لایەن ئەنجومەنی شارەوانییەوە و تەصدیق کردنی لە لایەن وەزیری شارەوانییەوە لە بەغداد و پارێزگارەوە لە شارەکان دا، نەخشەکان ئەخرێنە بەردەم وەزارەتی ناوخو، بۆ تەصدیق کردنیان لە لایەن وەزیری ناوخۆوە.
بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت گۆڕانکاری بکرێت بەسەر نەخشە ئەساسی یە کاندا دوای تەصدیق کردن وکۆتاییان لە لایەن وەزیری ناوخۆوە، مەگەر گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی گشتیدا بن.
بەم پێیە، شارەوانییەکان لەڕووی عومرانیەوە ئەکرێن بە ناوچەیەک یان چەند ناوچەیەکەوە بەم شێوەیە:
ناوچەی یەکەم: کە ناوچەیەکە بەهۆی قورسی ئەنجام دانی بینا درووست کردن تیایدا، گرنگی یەکی ئەوتۆی نییە لەڕووی گەشەسەندنی بیناسازییەوە.
ناوچەی دووهەم
ناوچەی سێهەم
ناوچەی چوارهەم
ناوچەی بەها
ناوچەی تایبەت: ئەم ناوچەیەش بە پێی پلەی ئیدارییەکەی زۆر گرنگە و بینا درووست کردن تیایدا ئاسانە.

بۆ ئەم مەبەستە ئەو شارەوانییانەی کە لە( کلاسی چوارن)، لەسەر (ناوچەی یەکەم) ئەژمار ئەکرێن و ئەتوانرێت بکرێن بە چەند ناوچەیەکەوە و
ئەو شارەوانییانەی کە لە (کلاسی سێن)، لەسەر (ناوچەی یەکەم و دووەم) ئەژمار ئەکرێن و ئەتوانرێت بکرێن بە چەند ناوچەیەکەوە.

ئەو شارەوانییانەی کە لە (کلاسی دوون)، لەسەر (ناوچەی یەکەم و دووەم و سێهەم) ئەژمار ئەکرێن و ئەتوانرێت بکرێن بە چەند ناوچەیەکەوە.
ئەو شارەوانییانەی کە لە (کلاسی یەکن)، لەسەر (ناوچەی یەکەم و دووەم و سێهەم و چوارەم) ئەژمار ئەکرێن، و شارەوانی شاری بەغداد بۆی هەیە لێیان (ناوچەیەکی بەها) و (ناوچەیەکی تایبەت) یان لێ درووست بکات لە ماوەی (90) ڕۆژدا، دوای بڕیاردان لێیان.
دابەش کردنی ناوچەکانیش بۆ ناوچەی عومرانی تر بە پێی نەخشەی ئەساسی ناوچەکان ئەبێت و ئەبێت ڕەزامەندی بۆ وەربگیررێت لە لایەن وەزارەتی شارەوانیەوە.

**لقی دووەهەم: لە بابەت ڕێگای هاتووچۆوە**

ئەو شەقامانەی کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە درووست کراون، نایەنە گۆڕان بەهۆی بەندەکانی ئەم یاسایەوە و بوونیان پارێزراو ئەبێت بە پێی پانییەکانیان کە لە لایەن ئەنجومەنی شارەوانییەکانەوە بڕیاریان لێدراوە بۆیان.

بەم پێیە ناتوانرێت گۆڕانکاری لە شوێنە دیاریکراوەکانی سەر شەقام و ڕێگاکاندا بکرێت (بێجگە لە محلات و کۆگاکان) و بکرێنە شوێنی خصوصی و بۆ بەرژەوەندی تایبەت بەکاربهێنرێن، بەڵام ئەتوانرێت شەقام و ڕێگاکان بە باخچەی جوان برازێنرێنەوە. هەروەها لێژنەی ئیداری شارەوانییەکان ئەتوانن بەشێک لەم شەقام و ڕێگایانە بە هاووڵاتیان بفرۆشنەوە بۆ گۆڕانکاری پێویست لە شێوەیان دا بە تایبەتی ئەو شەقام و ڕێگایانەی کە سوودیان نییەو بوونیان زیادەیە.

**لقی سێهەم: لە بابەت جێبەجێ کردنی نەخشە ی شەقام و ڕێگاوە**

بە پێی نەخشە ئەساسی یەکان، شەقام و ڕێگاکان دوای درووست کردنی بیناکانی دەوروبەریان، بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک دێنە جێبەجێ کردن لە لایەن شارەوانیەوە، ئەگەر ئەنجومەنی شارەوانی بڕیاری درووست کردنی پێشوەختی هەمووی یان بەشێکی لە شەقام و ڕێگاکانی نەدابێت.
لەکاتی بڕیاردانی پێشوەخت دا، نەخشەیەک بۆ ناوچەکە ئەکێشرێت، کە سنووری موڵکەکانی دەوروبەری و پارچەکانی ناوی و شێوە و ژمارەیانی ئەخرێتە سەر، نەخشەکەش ئەخرێتە بەردەم لێژنەیەکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی نرخی ئەو خانوانەی کە لە پێناوی درووستکردنی شەقام و ڕێگاکان دا ئەڕووخێنرێن و ئەو درەختانەی کە دەرئەهێنرێن بۆ پاککردنەوەی ڕووبەرەکانیان. لێژنەکەش خاوەن موڵکەکان لە بڕیارەکانی ئاگادار ئەکاتەوە و ئەوانیش توانای ڕەت کردنەوەی بڕیارەکانی لێژنەکەیان ئەبێت لە ماوەی (7) ڕۆژدا، دوای دەرچوونیان لە لایەن لێژنەی شارەوانیەوە. شارەوانیش دوای بەسەرچوونی حەوت ڕۆژەکە بۆی هەیە خانووەکان بڕووخێنێت یان درەختەکان لەبن دەربێنێت، دوای ئەوەی خاوەن موڵکەکان قەرەبوو ئەکاتەوە و پارەکانیان ئەداتێ یان لەلای دادگا بۆیان دائەنێت.
لێژنەیەکیش بۆ ئیعتراضەکان دائەنرێت، کە لە زیاتر لە شەش ئەندام پێک دێت و بڕیاری کۆتایی لەبابەت کێشەکەوە ئەدات و بە خاوەن موڵکی ڕائەگەیەنێت. ئەگەر خاوەن موڵک بە بڕیاری لێژنەکە ڕازی نەبوو، ئەتوانێت لە ماوەی (7) ڕۆژدا، دوای پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە، لە لای وەزارەتی ناوخۆ ئیعتراض پێشکەش بکات بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتیەوە. کێشەکەش ئەخرێتە بەردەم وەزیر یان پارێزگار بۆ بڕیاردانی کۆتایی.

**لقی چوارەهەم: لە بابەت ڕووبەری بەجێهێڵراوی سەر شەقام و ڕێگاوە**

پان کردنی شەقام و ڕێگاکان بە هەردوو لاکانیدا بە یەکسانی ئەنجام ئەدرێت، تەنها ئەگەر درێژکراوەی شەقامەکە یان ڕێگاکە ڕێگر بێت لەبەردەم پان کردنیاندا. لەم حاڵەتەدا، شەقامەکە یان ڕێگاکە بە لایەکیاندا پان ئەکرێت. لەم حاڵەتەشدا نرخی ئەو موڵکانەی کە ئەکەونە سەر ئەو شەقام و ڕێگایانەی کە پان ئەکرێن، زیاد ئەکەن و شارەوانیش ڕەسمی زیادکردنی نرخی موڵکەکانیان لێ ئەسەنێت. ڕەسمەکەش ئەکاتە چارەکی جیاوازی نرخی موڵکەکە لە کاتی پێش درووست کردنی شەقامەکە یان ڕێگاکە و دوای درووست کردنیان. شارەوانی پارەکە

Saiwani

بەشێوەی قیسط لە خاوەن موڵکەکە ئەسەنێت بە تايبەتی ئەگەر موڵکەکە يەکسەر کەوتبێتە سەر شەقامەکە يان ڕێگاکە، يان ئەگەر شەقامەکە يان ڕێگاکە بەڕووی موڵکەکەدا پان بکرێت.
ئەگەر هاتوو خاوەن موڵک زەوی يەکی فراوانی هەبوو لە سەر ئەو شەقامانەی يان ڕێگايانەی کە پان ئەکرێن و بە نيازی دابەشکردنی موڵکەکان بوو بە چەند پارچە زەوييەکەوە بەمەبەستی بينا درووست کردن لەسەری، لەم کاتەدا شارەوانی بەم کارەی خاوەن موڵک ڕازی ئەبێت، ئەگەر خاوەن موڵک ڕەزامەندی خۆی دەربڕێت بە بێ

بەرامبەر، بە تەرخان کردنی پارچە زەوييەک لە موڵکەکەی بۆ درووست کردنی قوتابخانەيەک يان مەخفەرێکی پۆليس لەسەر پارچە زەوييەکە.
ئەگەر خاوەن موڵک بەم کارە ڕازی نەبوو، شارەوانی ڕەسمی زيادبوونی نرخی موڵکەکە لە خاوەنەکەی، وەک لە سەرەوە باس کرا، ئەسەنێت.
نرخەکەش لە لايەن ليژنەيەکی شارەوانيەوە ئەخەملێنرێت و بڕياری لیئەدرێت و بڕياری کۆتاييش لەلای وەزيری ناوخۆ يان پارێزگارەکانی شارەکان ئەبێت.
لە کاتی دانانی ڕەسم دا لەسەر ئەو موڵکانە، شارەوانی هەڵئەستێت بە ئاگادارکردنەوەی دائيرە پەيوەنديدارەکان، کە کاری فرۆشتنی موڵک و بە ڕەهن دانی موڵک بۆ ئەو خاوەن موڵکانە ڕانەپەڕێنن، هەتاکوو پارەکانيان بە شارەوانی ئەدەن.

**لقی پێنجەم: لە بابەت دابەش کردنی موڵکەوە بەسەر يەکەی درووست کردن دا**
بۆ ئەو خاوەن موڵکانەی کە ئەيانەوێت موڵکەکانيان يان باغچە و کێڵگەکانيان دابەش بکەن بەسەر چەند يەکەيەکدا، پێويستە عەريزەی نووسراو پێشکەش بە شارەوانی بکەن، کە تيايدا چۆنێتی دابەشکردنەکە و غەرەز لە دابەش کردنەکەی بەيان بکەن، لەگەڵ (صورة قيد)ی موڵکەکە و خەريتەی زەوی يەکە بە پێوەرێک کە کەمتر نەبێت لە (1:500) يان لە (1:1000).
دوای وەرگرتنی عەريزەکە، شارەوانی هەڵئەستێت بە دياريکردنی درێژکراوەی شەقام و ڕێگاکان و پانی گونجاو بۆيان و لەسەر نەخشەکان دياريان ئەکات و ڕەزامەندی بۆ وەرئەگيرێت و ناتوانرێت چيتر بەرپەچی بڕيارەکە بدرێتەوە لە لايەن خاوەن موڵکەوە، بە دەستکاری کردنی خەريتەکە.
بۆ خاوەن موڵکيش نيە کە لەسەر زەوييەکانيان يان کێڵگەکانيان بينا درووست بکەن، ئەگەر زەوييەکانيان شمولی دابەش کردن بکات، تەنها لەسەر ئەو بەشانەی زەوييەکە نەبێت، کە شارەوانی بۆيانی دياری ئەکات.
ئەگەر هاتوو ڕووبەری ئەو زەويیانەی يان کێڵگانەی کە خاوەن موڵک بە نيازە دابەشی بکات لە (10000 م$^{2}$) زياتر بوو، ئەوا شارەوانی هەڵئەستێت بە جياکردنەوەی ڕووبەرێک بۆ قوتابخانەيەک يان مەخفەرێکی پۆليس، بە مەرجێک ڕووبەری قوتابخانەکە لەگەڵ زەوی شەقامەکە يان ڕێگاکە لە (25%)ی ڕووبەری گشتی زەوييەکە تێنەپەڕێت و ئەگەر خاوەن موڵک بەم کارە ڕازی نەبو، ئەوا بە پێی مادەکانی لقی چوارهەمی بەشی يەکەمی ياساکە، ڕووبەرێکی پێويست و گونجاو بۆ بەرژەوەندی گشتی لە زەوييەکەی جيا ئەکرێتەوە و خاوەن موڵک نابێت موعامەلات لە لای دەزگا پەيوەنديدارەکان بۆ زەوييەکەی پێشکەش بکات، پێش وەرگرتنی ئيجازە بۆ ئەم کارە لە لايەن شارەوانيەوە.  .

**لقی شەشەم: لە بابەت شۆستەو ڕووبەری ئەملاولای جادەکانەوە**
بە پێی ياساکە نابێت شەقام لەسەر شەقام يان جادە لەسەر جادە درووست بکرێت و ئەتوانرێت لە لايەن هاووڵاتيانەوە سەر شۆستەکان بە چەرداغ بتەنرێن و سەقف بکرێن، ئەگەر شارەوانی ڕەزامەندی لەسەر بێت.
لەسەر شۆستەکان و ڕووبەری جێهێڵراوی سەر جادەو شۆستەکان ئەتوانرێت کاری درووست کردن ئەنجام بدرێت، ئەگەر:
أ- بەرزی جيسمە درووستکراوەکە (بينا) لە (4 م) کەمتر نەبێت لە سەر ڕووی شۆستەکەوە،
ب- جيسمەکە ئەبێت بە لايەنی کەم (1 م) دوور بێت لە بينای دراوسێکەيەوە و واجيهەکانيان بەرەو يەک ئاڕاستە بێت،
ج- قووڵی جيسمەکە نابێت لە چارەکی پانی جادەکە تێبپەڕێت و لە (150 سم) زياتر نەبيت،
د- لە ناوچەکانی سێهەم و چوارهەم و بەها و تايبەت دا، ئەتوانرێت ئەم جيسمە سەقفدارانە درووست بکرێن، بە مەرجێک، دووری واجيهەی جيسمەکە لەگەڵ واجيهەی زەوييەکەدا لە (2.5 م) کەمتر نەبيت لە ناوچەی سێهەم دا، وە لە (4 م) کەمتر نەبێت لە ناوچەی چوارهەم دا، وە لە (5 م) کەمتر نەبێت لە ناوچەی بەهاو مومتازدا.

ئەم شیوە بینایانە ئەتوانرێت لەسەر ڕووبارەکانیش دروست بکرێن، بە مەرجێک قووڵی جیسمەکە لە (2 م) زیاتر نەبێت.
لە یاساکەدا هاتووە، کە ناتوانرێت قادرمە لەسەر جادەکان درووست بکرێن، یان دەرگاو پەنجەرەی دووکانەکان بە ڕووی جادەکان دا بکرێنەوە، کە ببنە هۆی گرفتی هاتووچۆ. هەروەها نابێت پەنجەرە و دەرگا لە نهۆمی یەکەم بە ڕووی جادە دا بکرێنەوە.

هەموو ئە جیسمانەی کە لەسەر شۆستەکان درووست کراون و بەرزییان لە (2 م) کەمترە، دێنە ڕووخاندن لە لایەن شارەوانیەوە، بەڵام لە پێشدا خاوەنەکانیان لەم کارە ئاگادار ئەکرێنەوە، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاری کراودا، بیناکانیان لەسەر جادە و شۆستەکان لا ببەن و گرفت بۆ شارەوانی درووست نەکەن، ئەگەر بە بێ ئیجازەی شارەوانی ئەو بینایانەیان لە شوێنەکانیان دا درووست کردبێت.
**نابێت هاووڵاتیان کەرەستەی بیناکانیان لە سەر جادە و شەقامەکان کەڵەکە بکەن، ئەگەر لە شارەوانی ئیجازەیان وەرنەگرتبێت بۆ ماوەی تێچووی کارەکە، ئەگینا خاوەنەکەی ئاگادار ئەکرێتەوە بە لابردنی کەرەستەکانی لە ماوەیەکی دیاری کراو دا بۆی، کە ئەگەر نەیکرد ئەوا جەزای یاسایی ئەدرێت،**
**ئەگەر خاوەن پرۆژەکە ئیجازەشی بۆ کەڵەکە کردنی کەرەستەی بیناکە وەرگرتبێت، نابێت، کەرەستەکان لەسەر زیاتر لە سێ یەکی پانی جادەکان کەڵەکە بکات. ئەم ڕێنماییەش بۆ ناوچەکانی دووهەم و سەرووترە.**

**لقی حەوتەم: لە بابەت بینا و چۆنیتی درووست کردنیەوە**
بینا سێ جۆرن:
أ- بینای نیشتەجێ بوون
ب- بینای گشتی، وەک دیوانی ڕەسمی و قوتابخانەکان و خەستەخانەکان و نادی یەکان و قومارخانەکان و ئوتێلەکان و حانوت و شوێنی لەوەڕگای ئاژەڵ و گەراج و حەمامەکان.
ج- ئەو بینایانەی کە پیشەسازی تیایان دا بە نەوت و کارەبا و بەنزین ئەنجام ئەدرێن، وەک ئاش خانەکان و فڕن خانەکان و پیشەسازی سەبیکە و ئەو بینایانەی کە مەوادی سووتێنەر یان کیمیاویان تیا خەزن ئەکرێن یان ئەفرۆشرێن، کە غازی سووتێنەر یان زیانبەخشیان لێوە دەر ئەچن.

بەشە ڕاگرەکانی بینای نیشتەجێ بوون و بینای گشتی نابێت لە تەختە درووست بکرێن، ئەگەر بەکارهێنانیان زەرووری نەبێت بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە شارەوانیەکانەوە دەرئەچن.
بۆ درووستکردنی بینای گشتی و بینای پیشەسازی و بەکارخستنیان، پێویستە خاوەنەکەی بۆ ئەم بینایانە ئیجازەی درووست کردنەکەی لە شارەوانی بۆ وەربگرێت، بە پێی زانیاری و ڕێنماییە یاساییەکان کە لە شارەوانییەوە دەرئەچن.
نابێت بینای نیشتەجێ بوون بە مەبەستی بینای گشتی یان بینای پیشەسازی بەکار بهێنرێت، ئەگەر شارەوانی ئیجازەی بە خاوەنەکەی نەدابێت.
نابێت خانووی نیشتەجێ بوون لە ناوچەی پیشەسازی دا بە شێوەیەکی بڵاو درووست بکرێت، بەڵام ئەتوانرێت کۆمەڵگایەکی نیشتەجێ بوون بۆ فەرمانبەرانی کارگەکان درووست بکرێن.
لە شوێنە گشتی یەکاندا، وەکو لە نادی و مەلهاکان و چایخانە گەورەکان دا، ئەبێت چەند دەرگا و قادرمەیەکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی هاووڵاتیان هەبێت، کە ژمارەیان لە دوو کەمتر نەبێت و دوور بن لە یەکتری یەوە و پانیان لە (2 م) کەمتر نەبێت بۆ هەموو (200) کەسێک کە ئەچنە ئەو شوێنانە. پانی ئەم پارچانە زیاد ئەکات ئەگەر ژمارەی کەسەکان لە زیاد بوون دا بن. ئەگەر ئەم دەرگا و قادرمانە نەتوانرا لە ناو ئەو بینایانەدا درووست بکرێن، ئەوا ئەبێت ڕێگایەک بە پانی زیاتر لە (3 م) لە دەرەوەی بیناکە بۆ تێپەڕین و هاتووچۆی هاووڵاتیان دابین بکرێت.

**لقی هەشتەم: لە بابەت ئیجازەی بینا درووست کردنەوە**
**نابێت هیچ بینایەک بی وەرگرتنی ئیجازەی درووست کردن بۆی لە لایەن شارەوانی یەوە، درووست بکرێت.**
**خاوەن موڵک ئەبێت لە ماوەی شەش مانگدا، دوای وەرگرتنی ئیجازەکە، دەست بکات بە درووست کردنی بیناکەی، ئەگەر نەیکات، دوای تێپەڕ بوونی ساڵیک بەسەر ئیجازەکەیدا، ئەبێت داوای تازەکردنەوەی ئیجازەکەی بکات، ئەگینا ئیجازەکەی کاری پێناکرێت.**

Saiwani

**لقی نۆههم: له بابهت بینای قهدهغهوه**

نابێت بهشه ڕاگرهکانی بینا بکهونه سهر سنووری، یان بکهونه ناو جاده و شهقامهکانهوه، نه له نهۆمی یهکهم و نه له نهۆمهکانی سهرووتر. ئهم خاڵه کاری سپیکاری به گهچ و خشت کاری واجیههی بینا و بۆیه کردنی واجیههی بینا ناگرێتهوه.

ئهگهر خاوهن موڵکێک بینایهکی دروووست کرد و له دواییدا دهرکهوت، که بیناکه بهرپهچی ڕێنماییهکانی ئهم یاسایه ئهداتهوه، شارهوانی خاوهن بیناکه ئینزار ئهکات، بۆ لابردنی بیناکه و تێکدانهوهی له ماوهیهکی دیاری کراو دا که

نابێت کهمتر بێت له (3) ڕۆژ. ئهگهر خاوهن موڵک پێی وا نهبوو که بیناکهی پێچهوانهی ڕێنماییهکانی شارهوانی یه، شارهوانی کهشفی بیناکه و ڕێنماییه یاساییهکانی بۆ ئهکاتهوه، ئهگهر دهرکهوت، که بیناکه لهگهڵ ڕێنماییه یاساییهکان دا یهک ناگرێتهوه، ئهبێت خاوهن موڵک یهکسهر بیناکهی تێک بدات و حاڵهتی زهوییهکه پێش دروووستکردنی بیناکه له سهری، ئهنجام بداتهوه، ئهگهر نهیکرد، شارهوانی بیناکهی بۆ تێک ئهدات و نرخی تێچووی لێئهسهنێت. خاوهن موڵک بۆی ههیه ئیعتیراض پێشکهش بکات و داوای درێژ کردنهوهی ماوهی تهرخان کراو بۆ تێکدانی بیناکهی له شارهوانی بکات.

**لقی دهههم: له بابهت ئهندازیاران و ڕێپێدراوی یانهوه**

ئهندازیاری تهلارساز ئهو کهسهیه که ههڵئهستێت به ئامادهکردن و ئیشراف کردنی دروووستکردنی بینا، که ئیجازه له لیژنهیهکی شارهوانیهوه وهرئهگرێت بۆ کار کردن وهک ئهندازیارێکی تهلارساز.
کلاسهکانی ئهندازیاری تهلارساز چوارن.
دوای ساڵێک بهسهر تێپهڕ بوونی کارهکهیدا، ئهندازیاری تهلارساز ئهتوانێت، داوای تهرفیع بکات بۆ کلاسێکی بهرزتر، به مهرجێک سهرپێچی یاسایی له کارهکهیدا نهکردبێت له کاتی کارکردنیدا.
به پێی یاساکه، ئیجازهی ئهندازیار بۆ ماوهی دوو مانگه، له ڕۆژی دهرچوونییهوه و ئیجازهکه ئۆتۆماتیک تازه ئهبێتهوه دوای ئهم ماوهیه، مهگهر ئهندازیار خۆی داوا پێشکهش به شارهوانی بکات و نهیهوێت تازهی بکاتهوه، یان سهرپێچیهکی یاسایی کردبێت له دروووست کردنی بینایهکدا و بووبێته هۆی زیان گهیاندنی هاووڵاتیان.
ئهو بوارهی که ئهندازیاری تهلارسازی دهست بهکار ئهبێت تیایدا به پێی کلاسهکان، له لایهن شارهوانییهوه دیاری ئهکرێت بۆیان.

## ب- بهشی دووههم: ناوچهکان

ئهم بهشه پهیوهسته به دانانی ڕێنمایی پێویست بۆ جێگیرکردنی ڕێژهی بینا بۆ ڕووبهری زهوی تهرخان کراو بۆ پڕۆژهیهکی دیاری کراو لهو ناوچانهدا که لهبهشی یهکهم دا دیاری کراون. ئهم بهشهش له دوو لق پێک دێت.
لقی یهکهم: ناوچهی یهکهم و ناوچهی دووههم
له ناوچهی یهکهمدا پانی جاده و شهقامهکان و درێژکراوهکانیان نابێت له (4 م) کهمتر بێت و له ناوچهی دووههمدا له (8 م) کهمتر بێت، ههروهها پانی جادهی تایبهتیش نابێت له (3 م) کهمتر بێت.
لهو ناوچانهدا که میری به مهبهستی ناوچهی نیشتهجێ بوون نهخشهی ئهساسی بۆ داناوه و نهخشهکانیش له لایهن شارهوانیهکانهوه تهصدیق کراون، ئهتوانرێت پانی جادهکانی له (3 م) کهمتر بێت. دابهش کردنی موڵک به ڕووبهری گهوره بۆ ڕووبهری پچوک لهم ناوچانهدا بهم شێوهیه ئهبێت:
أ- نابێت ڕووبهری زهوی بۆ بینا دروووست کردن له سهری له ناوچهی یهکهمدا له (100 م$^2$) و له ناوچهی دووههمدا له (200 م$^2$) کهمتر بێت. لهو ناوچانهدا که میری به مهبهستی ناوچهی نیشتهجێ بوون نهخشهی ئهساسی بۆ داناون و نهخشهکانیش له لایهن شارهوانیهکانهوه تهصدیق کراون، ئهتوانرێت ڕووبهری زهوییهکان کهمتر بن.
ئهو خاوهن موڵکهی که بهتهمای دروووستکردنی بینایهک بێت لهسهر زهوییهک که قابیلی دابهشکردن بێت، ئهبێت عهریزهیهک بدات به شارهوانی، که تیایدا شوێنی بیناکه و ڕووبهرهکهی و غهرهزی دروووست کردنهکه و ناوی ئهندازیاری شارستانی پڕۆژهکه، بنووسێت. دوای کهشف کردن له ڕاستی زانیارییهکان، شارهوانی ئیجازهی دروووست کردنی بیناکه ئهدات به خاوهن زهوییهکه.
ب- نابێت ڕووبهری دووکان لهم ناوچانهدا له (6 م$^2$) کهمتر بێت.

Saiwani

ج- ئەگەر دەرکەوت کە لە بینایەکی دوو نهۆمی دا، یەکێک لە نهۆمەکان موڵکی خاوەن زەوی یەکەی دراوسێی بوو، وە پێویستی ئەکرد کە خاوەن موڵک ئەو نهۆمە لەگەڵ موڵکەکانی لەیەک بدات، لەم حاڵەتەدا شارەوانی ڕازی ئەبێت، ئەگەر هەر دوو خاوەن موڵکە دراوسێکان لە ناو خۆیاندا ڕازی بن.

د- ئەگەر درێژ کردنەوەی جادەیەک بووە هۆی ئەوەی کە زەوییەک یان بەشێکی بێ سوود بمێنێتەوە، ئەتوانرێت ئەو بەشە زەوییەی کە بێ سوود ماوەتەوە، بکرێت بە موڵکی زەوییەکانی دراوسێیانەوە، ئەگەر خاوەن موڵکەکان بەم کارە ڕازی بن.
بە هەمان شێوە، ئەگەر موڵکێک مەمەڕێکی هەبێت کە بێ سوود بێت و بتوانرێت وازی لێ بهێنرێت، ئەتوانرێت بکرێت بە موڵکی زەوی دراوسێێ مەمەڕەکەوە، ئەگەر شارەوانی و خاوەن موڵکەکان ڕازی بن بە کارەکە.

لقی دووەم: ناوچەی سێهەم و ناوچەی چوارهەم و ناوچەی مومتاز
لە ناوچەی سێهەمدا پانی جادە و شەقامەکان و درێژکراوەکانیان نابێت لە (10 م) کەمتر بێت و لە ناوچەی چوارهەمدا لە (12 م) کەمتر بێت و لە ناوچەی مومتاز و تایبەت دا لە (15 م) کەمتر بێت.، هەروەها پانی جادەی تایبەتیش نابێت لە (6 م) کەمتر بێت.
لەو ناوچانەدا کە میری بە مەبەستی ناوچەی نیشتەجێ بوون نەخشەی ئەساسی بۆ داناون و نەخشەکانیش لە لایەن شارەوانیەکانەوە تەصدیق کراون، ئەتوانرێت پانی جادەکانی لە (6 م) کەمتر بێت. دابەش کردنی موڵک بە ڕووبەری گەورە بۆ ڕووبەری پچوک لەم ناوچانەدا بەم شێوەیە ئەبێت:
- نابێت ڕووبەری زەوی بۆ بینا درووست کردن لە سەری لە ناوچەی سێهەمدا لە (300 م$^2$) و لە ناوچەی چوارهەمدا لە (600 م$^2$) کەمتر بێت، لە ناوچەی مومتازدا لە (800 م$^2$) و لە ناوچەی تایبەت دا لە (2000 م$^2$) کەمتر بێت.
بەم پێیە نابێت پانی زەوییەکان لە ناوچەی سێهەمدا لە (15 م) و لە ناوچەی چوارهەمدا لە (20 م) و لە ناوچەی مومتاز و تایبەت دا لە (25 م) کەمتر بێت. ئەگەر پانی زەوییەک کە دابەش بکرێت بەسەر چەند پارچەیەک دا، کەمتر بوو لەو پانییانەی کە بۆ ناوچەکانیان دیاری کراون، ئەتوانرێت دابەش کردنەکە ئەنجام بدرێت، بەمەرجێک ڕووبەری پارچە دابەش کراوەکان لەو ڕووبەرانە کەمتر نەبن، کە بۆ ناوچەکانیان دیاری کراون.
لەو ناوچانەدا کە میری بە مەبەستی ناوچەی نیشتەجێ بوون نەخشەی ئەساسی بۆ داناون و نەخشەکانیش لە لایەن شارەوانیەکانەوە تەصدیق کراون، ئەتوانرێت ڕووبەری زەوییەکان کەمتر بن.
- ناتوانرێت لە ناوچەکانی سێهەم و چوارهەم و ناوچەی مومتاز و تایبەت دا، دووکان و حانوت دروست بکرێن، بەڵام ئەتوانرێت لەسەر زەوی ناوچەکان، بازاڕ بۆ نیشتەجێ بووانی ناوچەکان بەپێی ڕێنماییەکانی شارەوانی دروست بکرێن.
ئەگەر ئەم بازاڕانە لە جۆرەکانی بینا بوون، بە پێی لقی حەوتەمی بەشی یەکەمی یاساکە، ئەوا ئەبێت ئەم بینایانە ئیرتیدادی (2.5 م) یان هەبێت لە ناوچەی سێهەم و (4 م) یان هەبێت لە ناوچەی چوارهەم (5 م) یان هەبێت لە ناوچەی مومتاز و تایبەت دا.
- بەم پێیە نابێت ڕووبەری بیناکان لەسەر زەوییەکانیان لە ناوچەی سێهەم وچوارهەم دا لە **(%65)** و لە ناوچەی مومتاز دا لە **(%55)** و لە ناوچەی تایبەت دا لە **(%30)** زیاتر بێت، تەنها بۆ ئەو بینایانە نەبێت، کە بە پێی ئیجازەیەک دروست کراون، کە ڕێگا بە ڕێژەی کەمتر یان زیاتر ئەدات.
خاوەن پرۆژە ئەبێت عەریزە بۆ دابەش کردنی زەوییەکەی بدات بە شارەوانی، کە تیایدا شوێنی بیناکەو ڕووبەرەکەی و ناوی ئەندازیاری شارستانی پرۆژەکە لەگەڵ خەریتەی محەلی بیناکە ونەخشەکانی بیناکە بە ئیمزاکراوی لەسەر پێوەری (1:1000) یان (1:200). دوای کەشف کردن و جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکان، شارەوانی ئیجازەی بینادرووست کردن ئەدات بە خاوەن عەریزەکە.
- شارەوانی بەرزی بیناکان لەسەر جادە و شەقامەکان دیاری ئەکات بۆ پەیرەوی کردنیان لەلایەن خاوەن پرۆژەکانەوە.
- نابێت بینا لە قوڕ دروست بکرێت، بە پێی ڕێنمایی شارەوانی نەبێت و تەنها بۆ سنوورکردنی باخچە و دروستکردنەوەی بینای ڕووخاو نەبێت، کە لە خۆیدا بە قوڕ دروست کرابن.

Saiwani

ج- بەشی سێهەم: هەمەڕەنگ

بە پێی ئەم بەشە، کاروباری دارایی پەیوەست بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی بینا دروستکردن، تەنزیم ئەکرێت.
ئەگەر کەسێک داوای دواخستنی یان لەکار خستنی دروستکردنی بینایەک بکات، یان داوای ڕووخاندنی بینایەک بکات، کە موڵکی کەسێکی تر بێت، ئەبێت کەفیلێک دابنێت بۆ دابین کردنی ئەو زەرەر و زیانانەی کە لە ئەنجامی ئەم کارەدا ڕوو ئەدات، لە کاتی نەبوونی مافی یاسایی لە لایەن داواکارەوە. لێرەدا شارەوانی ئەبێت کارکردن لە پرۆژەکەدا بۆ ماوەی (15) ڕۆژ بوەستێنێت و چاوەڕوانی بریاری دادگا بکات. ئەگەر بریاری دادگا نەگەیشتە

شارەوانی لەم ماوەیدا، خاوەن موڵک بۆی هەیە لە ڕۆژی شانزدەهەمدا دەست بە کارکردن بکاتەوە لە پرۆژەکەیدا. ئەگەر بریاری دادگا گەیشتە شارەوانی و داوای ڕاگرتنی پرۆژەکەی کردبوو، ئەبێت شارەوانی پرۆژەکە بە یەکجاری ڕابگرێت و نەهێڵێت دروستکردنەکە ئەنجام بدرێت.

ئەگەر دوای کەشف کردنی بینایەک لەلایەن لیژنەیەکی شارەوانیەوە دەرکەوت، کە بیناکە یان بەشێکی بیناکە خوارە بەهۆی کۆنییەوە یان کەمی مەحکەمی بیناکەوە، خاوەن موڵک لەم کارە ئاگادار ئەکرێتەوە بۆ ڕووخاندنی بیناکە لە ماوەی (3) ڕۆژدا. ئەگەر ماوەکە بەسەر چوو، بێ چاککردنەوە یان ڕووخاندنی بیناکە لەلایەن خاوەن موڵکەوە، لەم کاتەدا شارەوانی هەڵئەستێت بە کارەکە و نرخی تێچووی کارەکە ئەخاتە سەر شانی خاوەن موڵکەکە.
ئەگەر خاوەن موڵک ئیعتیراضی لە بریارەکەی شارەوانی گرتوو پێچەوانەکەی سەلماند، لەم کاتەدا شارەوانی لیژنەیەکی تر ڕێک ئەخات، بۆ بەدواداچوونی داواکە. بریاری لیژنەکە بریارێکی کۆتاییە و ئەبێت لە ماوەی سێ ڕۆژدا لایەن خاوەن موڵکەوە جێبەجێ بکرێت بە هەبوونی ماف یان بە ڕووخاندنی بینا خوارەکە، بە تایبەتی ئەگەر دەرکەوت، کە بینا خوارەکە خەتەرە و شکی ڕووخاندنی لێ ئەکرێت و هەڕەشەیە بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان.

ئەگەر هاتوو ڕووبەری زەوی یەکان و بیناکانی سەری یان پانی زەوییەکان بێجگە لە دوکانەکان، کە بە یاسایەکی تر، پێش دەرچوونی ئەم یاسایە جێگیرکرابن، پچووکتر بوون لەوەی کە لەم یاسایەدا جێگیر کراوە، ئەمێننەوە بەبێ دەستکاری و ئەتوانرێت بینایان لەسەر دروست بکرێت، بەمەرجێک سەرپێچی ڕێنماییەکانی بینا دروستکردن نەکات، کە لە لایەن شارەوانییەوە دانراون.
ئەگەر هاتوو ڕووبەری زەوی یەکان یان پانیەکانیان گەورەتر بوون لەوەی کە لەم یاسایەدا جێگیر کراوە، دابەش کردنیان بەسەر پارچەی پچووکتردا ئەبێت بە پێی ڕێنماییەکانی ئەم یاسایە بێت.
شارەوانی هەڵئەستێت بە دیاری کردنی ناوچەی پێویست بۆ بازاڕ و لاگەر بۆ کەرەستەی بینا و شوێنی ئاژەڵداری ئەسپ و گا و مانگا و پارکی سەیارە و دوکان و قەسابخانە لەسەر نەخشەیەک بە پێوەری (1:10000) بۆ تەصدیق کردنی لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە.

ئەو ڕووبەری زەوی یانەی کە لەم لاو لای جادەکانەوە ماونەتەوە، ئەتوانرێن بە هاووڵاتیان بفرۆشرێنەوە بە نرخێک کە لەلایەن لیژنەیەکی شارەوانیەوە بۆ ئەم کارە دائەنرێت. هاووڵاتیانیش ئەتوانن موڵکەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن و بیکەن بە بینا، بەمەرجێک بیناکە لەسەر پایە ڕاوەستا بێت، بە پێی پەیرەوکردنی ڕێنماییە یاساییەکانی شارەوانی بۆ بینا دروستکردن.
بۆ ئەم کارەش ئەبێت پایەکان لە شێلمان یان لە چیمەنتۆ یان لە بەرد دروستکرابن و ئەستووریان لە (50 سم) کەمتر نەبێت و واجیهەکەیان بە خشتی مەرمەڕ تەنرا بێت. سەقفی پایەکانیش ئەبێت لە مەوادی ڕاگر دروست بکرێت وەک شێلمان و کۆنکرێتی شیشدار.
ئیرتیدادی بیناکانیش بەرەو جادەکان کە (12 م) پانن نابێت لە (2.5 م) زیاتر بێت و بەرەو جادە (15 م) یەکان لە (3 م) زیاتر بێت و بەرەو جادە (25 م) یەکان لە (4 م) زیاتر بێت.
شارەوانی ئەتوانێت بریاری تر بدات، ئەگەر لە بەرژەوەندی گشتی دا بیت.

بەندەکانی ئەم یاسایە لە دوای بڵاوکردنەوەی یاساکە لە ڕۆژنامەی (ألوقائع ألعراقية) دا لە لایەن وەزارەتی ناوخووە جێبەجێ ئەکرێت و سەرپێچیکاران، بریاری دادگایان بەسەردا ئەسەپێت.

یاساکە لە ڕۆژی شەشەمی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی هەزار و نۆ سەد و سی و پێنج [1935] دا نووسراوە و هەتا ئەمڕۆش کارکردن بە یاساکە بەردەوامە.

**(قانون ألبلديات رقم 165 لسنة 1964)**
**یاسای ئیدارەی شارەوانییەکان ژمارە (165)ی ساڵی (1964)**

ئەم یاسایە لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنانەوە هاتە بەرهەم، کە پێویست بوو بهێنرێت بەسەر یاسای شارەوانیەکانی ژمارە (44)ی ساڵی (1935) دا، کە ئەویش خۆی پشتی بە یاسای بیناوڕێسای بینای سەردەمی عوسمانییەکان بەستبوو.
بەهۆی گەشەسەندنی بواری نەخشەسازی لە شاروشارۆچکەکانی عێراق دا، پەرەودان بە بواری سیاسەتی تەنزیم کردنی زەویش بوو بە ئەرکێکی سەرەکی شارەوانییەکان. ئەم پەرەودانە خۆی لە یاسای شارەوانییەکانی ژمارە (165)ی ساڵی (1964) دا ئەبینێتەوە، بە پشت بەستن بە (ڕێسای ڕێگاو بینای ژمارە (44)ی ساڵی (1935)).
هەردوو یاساکە بوونە تەواوکەری یەکتری بۆ جێبەجێ کردنی کاری عومرانی و بیناسازی لە ووڵات دا.

یاسای ئیدارەی شارەوانییەکان ژمارە (165)ی ساڵی (1964) پێکدێت لە چەند بەشێکی سەرەکی:

**بەشی یەکەم: پێشەکی**
لەم بە شەدا هەموو ئەو زاراوانە روون ئەکرێتەوە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دەرچوونی یاساکەوە هەیە و بەشداری ڕاستەوخۆیان هەیە لە گەیاندنی ڕێنماییەکانی یاساکە، وەک وەزیری شارەوانیەکانی شار و شارۆچکەکانی عێراق و دەزگای شارەوانیەکان و ئەنجومەنەکانی، و ئەوانەش کە پێویستە ڕێنماییەکانی یاساکە جێبەجێ بکەن وەک هاووڵاتیان و خاوەن موڵکەکان.
ئەم یاسایە بۆ ڕێکخستنی کاروباری شارەوانیەکان دەرچووە، بۆ ئەوەی کاروبارە خزمەتگوزارییەکان لە سنووری شارەوانیەکان دا بە پێی بەندەکانی یاساکە لە لایەن ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی شارەوانیەکانەوە و بە پشتبەستن بە هەندێ یاسای تر وەک یاسای موڵکدارێتی، ڕێک بخرێت.

شارەوانیەکان سەرچاوەی دارایی سەربەخۆیان هەیە و ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەکان بە پێی پلەی ئیدارییان لە زیاتر لە پێنج ئەندام و کەمتر لە پانزە ئەندام پێک دێن.

**بەشی دووهەم: درووستکردنی شارەوانیەکان**
یاساکە مەرکەزی شارەکان و قەزاکان و ناحییەکان و دێهاتەکانیش ئەگرێتەوە، کە ژمارەی دانیشتوانیان لە (3000) کەس کەمتر نەبێت. بەڵام یاساکە ئەو شارەوانیانە ناگرێتەوە، کە لە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە بوونیان هەبوە.
شارەوانیەکان بە نەخشەیەک سنوورەکانیان دیاری ئەکەن و لە ڕۆژنامە ڕەسمییەکاندا بڵاوئەکرێتەوە و بۆ دائیرە ڕەسمییەکان هەیە لە ماوەی (30) ڕۆژدا ئیعتراض لای وەزیری شارەوانیەکان پێشکەش بکەن، بۆ بڕیاردان لێی.
شارەوانیەکان ئەتوانن ناوچەکانیان بکەن بە چەند ناوچەیەکی پچووکترەوە و هەر یەک لەو ناوچانە شارەوانیەکی سەربەخۆی هەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان.

**بەشی سێهەم: لابردنی شارەوانیەکان**
وەزیری شارەوانی بۆی هەیە، ڕێگر بێت لە درووستکردنی شارەوانیەکی تازەدا، بە هەمان شێوەش ئەتوانێت شارەوانیەک بە شارەوانیەکی ترەوە بلکێنێت، ئەگەر باری دارایی شارەوانیەکە ڕێ بە بەردەوام بوونی نەدات وەک شارەوانیەکی سەربەخۆ.

**بەشی چوارهەم: صەلاحیاتی شارەوانییەکان**
شارەوانیەکان دوو صەلاحییەتیان هەیە:
یەکەم: کاری موراقەبە کردن، کە ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە پێی بەندەکانی ئەم یاسایە پێی هەڵئەستن.
شارەوانیەکانیش پۆلێن ئەکرێن بە سەر پلەی تایبەت و پلەی مومتاز و پلە یەک تا پلە چوار دا. ئەندامەکانی ئەنجومەنەکانی شارەوانیەکانیش بە پێی پلەکانیان دیاری ئەکرێن. بۆ شارەوانیەکان بە پلەی تایبەت حەڤدە ئەندام و پلەی مومتاز سیانزە ئەندام دیاری کراون. بۆ پلەکانی تر لە نێوان یانزە ئەندام بۆ پێنج ئەندام دانراون کە توانای زیاد کردنیان هەیە بە پێی بڕیاری شارەوانی.

ئەندامێتیش لە شارەوانییەکان دا بۆ ماوەی چوار ساڵە، و ئەندامەکانی بە هەڵبژاردنی ئاشکرا یان نهێنی خۆبەخشانە دەست بەکار ئەبن.
ئەنجومەنی شارەوانیەکان هەفتەی جارێک لە ناو بینای ئەنجومەن دا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی شارەوانی یان جێگرەکەی بە ئاشکرا یان بە نهێنی کۆئەبنەوە، ئەگەر لە نیوەی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنەکە زیاتر، حازر بن. بریارەکانیش بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ ئەکرێن و ئەخرێنە بەردەم هاوولاتیان، ئەگەر داواکاری پێشکەش بکەن، بۆ پیاچوونەوە و رەخنە گرتن لێیان لە ماوەی (30) رۆژ دا لە دوای دەرچوونیان.
ئەندامەکانی ئەنجومەنەکان ناتوانن ئەندام بن لە ئەنجومەنی تردا و لەکاتی بێ تواناییان دا یان چوار جار غایب بوونیان دا لە ئەنجومەن دوور ئەخرێنەوە. بۆ هەموو بریارەکانیش رەزامەندی وەزیر یان پارێزگار یان جێگرەکانیان پێویستە. کارەکانی شارەوانیەکانیش بریتین لە:

1- دانانی نەخشەی بنەڕەتی لە پێنج ساڵ دا بۆ پارێزگا و شاروشارۆچکەکان، کە تیایدا ڕووبەری زەوی بۆ گەشەکردنی عومرانی بۆ (25) ساڵی داهاتوو بە پێی داواکارییە کۆمەڵایەتی و جوغرافی و پیشەسازییەکان، دیاری ئەکرێن.
2- دابەشکردنی شاروشارۆچکەکان بەسەر ناوچەی نیشتەجێ بوون و ناوچەی پیشەسازی و ناوچەی بازرگانی دا.
3- درووستکردنی نەخشەیەکی تەفصیلی بۆ هەر یەکە لە ناوچەکان، کە لە نەخشە بنەڕەتییەکان دا سنووریان بۆ کێشراوە.
4- تەرخان کردنی زەوی گونجاو بۆ جۆرەهای خزمەتگوزارییەکان، وەک (باخچە و قوتابخانە و خەستەخانە و مەخفەری پۆلیس و حەمام و کتێبخانە و شوێنی حەریق و خواپەرستی و سەرقەبران و وەرزشگا و پارکی سەیارە و فرۆکەخانە و مینا و شوێنی سەکنەی عەسکەری و نەفەقی کارەبایی و شوێنی کاسبکاران و مەلهاکان و سینەما و گەلەهای تریش )
5- دیاریکردنی شەقام و جادەکان، بە پارێزگاریکردنی شوێنە کلتووری و ئایینی یەکان.
6- دیاریکردنی شوێنی درووستکردنی بینا و قەبارەکەی و بەرزی یەکەی و ژمارەی نهۆمەکانی.

بۆ ئەوەی شارەوانی بتوانیت نەخشەکانی جێبەجێ بکات و خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوولاتیان دابین بکات، ئەتوانیت لە کاتی پێویست دا، ئەو بینایانە برووخێنێت، کە ئەبنە رێگر لەبەردەم جێبەجێ کردنی پلانەکانی دا. هەروەها بۆ ئەنجومەنەکانیش هەیە، ئیجازەی بینا درووستکردن بدەن بە داواکارەکەی، کە پێش دەرچوونی پلانەکان پێشکەشیان کردبوو، هەرچەندە پرۆژەی درووستکردنەکە رێگریش بێت لە بەردەم پلانەکانی شارەوانیدا، بەمەرجێک:

- بیناکان بۆ هەمان مەبەستی پێشوویان درووست بکرێن،
- مانەوەی بیناکان بە درووست کراوی تەنها تاکوو کاتی جێبەجێ کردنی پلانەکانی شارەوانی ئەبێت. واتە بۆ ماوەی (5) ساڵ ئەگەر بریاری نەخشە بنەڕەتییەکان دەرچوو بێت و لە لایەن وەزیرەوە تەصدیق کرابێت، وە بۆ ماوەی (10) ساڵ، ئەگەر نەخشەکان تەنها بریاریان لێدرابن.

ئەگەر شارەوانی نەخشە بنەڕەتییەکانی پێش تەواوبونی ماوە دیاریکراوەکە جێبەجێ بکات، ئەبێت شارەوانی قەرەبووی خاوەن پرۆژەکە بکاتەوە. ئەگەر شارەوانی لە کاتی تەواو بوونی ماوەکە دا دەست بکات بە جێبەجێکردنی پلانەکان، ئەبێت خاوەن موڵک پرۆژەکەی هەڵبوەشێنێتەوە و بیناکەی لەسەر زەوی یەکە لا ببات (بیرووخێنێت).

کارەکانی سەر شانی شارەوانی بریتین لە:

- پاککردنەوەی شەقام و جادەکان لە پیسی و پاشماوە و شتنیان بە ئاو،
- ڕووناک کردنەوەی شەقام و جادەکان،
- درووستکردنی مەجرای ئاوو ئاوەڕۆ و کۆکردنەوەیان و پالاوتنیان،
- تەخت کردن و قیرتاو کردنی شەقام و جادەکان،
- تەرخان کردنی شوێنی پێویست بۆ مەبەستی ئاژەڵداری،
- تەرخان کردنی شوێنی قەسابخانە وبازاڕی فرۆشتنی گۆشت و سەوزە،
- دانانی ژمارەی بینا و ناونانی جادەکان،
- درووستکردنی پارکی سەوزایی و باخچەی حەسانەوە بۆ هاوولاتیان،

Saiwani

- درووستکردنی پرد و هۆکاری پەڕینەوە و چاککردنەوەیان،
- دیاریکردنی جۆری کەرەستەی بینا دروستکردن،
- ڕووخاندنی بینای تەپیوو و زەرەرمەند بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان.
- دروستکردنی بازاڕی عەسری و شوێنی وەستانی سەیارە و کارگەی پیشەسازی،
- دروستکردنی شانۆ و سینەما و شوێنی تەرفیهی و شوێنی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان،
- دابین کردنی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە و بەکارهێنان و ئاوەڕۆ و کارەبا.

بۆ دابێن کردنی ئەم خزمەتگوزارییانە، شارەوانی ئەتوانێت هەندێ کاری بەرهەم هێنان ئەنجام بدات، بۆ باش کردنی باری دارایی خۆی، وەک دروستکردنی کەرەستەی بینا و مەوادی پیشەسازی تر.
هەروەها بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکانی بنەڕەتی و تەفصیلی، شارەوانی بۆی هەیە بە پێی یاسا:

- زەوی پێویست بۆ پلانەکان لە هاووڵاتیان زەوت بکات، بە مەرجێک ڕووبەرەکانیان لە چارەکی ڕووبەری گشتی زەوییەکان تێپەڕ نەکەن، بە بێ قەرەبوو کردنەوەی خاوەنەکانیان،
- لەو زەوییانەدا، کە خاوەنەکانیان بە تەمای دابەش کردنیانن و ئەکەونە ناو پلانی شارەوانییەوە، شارەوانی بەشی شەقامەکانی بۆ خۆی لێ جیا ئەکاتەوە بە بێ قەرەبوو کردنەوەی خاوەن موڵکەکان، ئەویش بە 25% ی ئەو زەوییانەی کە ڕووبەرەکانیان لە 5000 م$^2$ کەمترن و 25% ی ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە لە نێوان 5000 م$^2$ و 10000 م$^2$ دان و ئەگەر ڕووبەری زەوییەکان لە 10000 م$^2$ زیاتر بوون، ئەوا بە پێی ناوچەکانیان لە 25% ەوە بۆ 40% ی ڕووبەری زەوییەکانیان بێ قەرەبووکردنەوە بۆ مەبەستی پلانەکان لە لایەن شارەوانیەوە زەوت ئەکرێت، خاوەن موڵک بۆی هەیە تەعنە لە بڕیارەکانی شارەوانی بدات.

شارەوانی ئەتوانێت، شوێنە بەتاڵەکانی ئەملاولای شەقامەکان بە خاوەن بەرژەوەند بە نرخی خەملێنراو لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت بەم کارە، بفرۆشێتەوە.

دووەم: کاری تەنفیز کردن، کە وەزیری شارەوانی یان پارێزگار و یاریدەدەرەکانیان پێی هەڵئەستن.
صەلاحییەتەکانی وەزیری شارەوانی و پارێزگارەکان، ئیشراف کردنی کارەکانی شارەوانیە بە هەموو کاروبار و کارمەندەکانیەوە و دەستکەوت و خەرجی شارەوانیەکانەوە و، کاریان تەصدیق کردنی بڕیارەکانە کە لە ئەنجومەنی شارەوانیەکانەوە دەرئەچن.
ئەنجومەنی شارەوانیەکان لیژنەیەک پێک دێنن بە ناوی لیژنەی تەنفیزکردن بە سەرۆکایەتی وەزیری شارەوانی لە شاری بەغداد و بە سەرۆکایەتی پارێزگار لە شارەکانی تر و دوو ئەندامی ئەنجومەنەکان. کاری لیژنەکە دیراسەکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەن و ئامۆژگاریکردنی ئەنجومەنەکان ئەبێت.

بەشی پێنجەم: کارکردن لە شارەوانیەکان

کارکردنی وەزیری شارەوانی و پارێزگارەکان و کارمەندەکانی وەزارەتی شارەوانی بە پێی یاسای خیدمەی مەدەنی عێراقی ئەبێت. وەزیر و پارێزگاران ئەتوانن پلەی کارمەندەکانی وەزارەتەکانیان یان بەڕێوەبەرایەتییەکانیان بەرز بکەنەوە، بۆ باش کردنی باری داراییان و بە هەمان شێوەش ئەتوانن کارمەندەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتیەکەوە بۆ یەکێکی تر بگوازنەوە.

بەشی شەشەم: کۆنگرەی شارەوانیەکان

بەشی حەوتەم: دادگاییکردن و جەزادان لە شارەوانیەکان دا

بەشی هەشتەم: بەندی هەمەڕەنگ

هەموو ئەو شەقام و جادانەی ئەکەونە ناوەوەی سنووری شارەوانیەکانەوە، موڵکی شارەوانیەکانن بە بێ بەرامبەر و بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکارئەهێنرێن. ئەم موڵکانە لە لای دائیرەی تاپۆ بە ناوی شارەوانیەکانەوە تۆمار ئەکرێن.
ئەو زەوییانەی کە ئەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانیەکانەوە، ناتوانرێت دابەش بکرێن بۆ پارچەی پچووک پچووک بە غەرەزی بیناکردن لەسەریان بەمەبەستی نیشتەجێ بوون یان بۆ کاری پیشەسازی، بە ڕەزامەندی شارەوانیەکان نەبێت. ئەو زەوییانەش ئەمانەی خوارەوە ئەگرنەوە:

1- ئەو زەوییانەی ئەکەونە دەرەوەی شارەوانی شاری بەغدادەوە بە دووری (10 کم).
2- ئەو زەوییانەی ئەکەونە دەرەوەی سنووری شارەوانی پلە مومتازەوە بە دووری (7 کم).
3- ئەو زەوییانەی ئەکەونە دەرەوەی شارەوانی پلە یەکەوە بە دووری (5 کم).

4- ئەو زەوییانەی ئەکەونە دەرەوەی شارەوانی پلە دوو سێ و چوارەوە بە دووری (3 کم).

بەم پێیە بەندەکان و تەعدیلاتەکانی یاسای شارەوانی ژمارە (84) ی ساڵی (1931) لە کار خرا، .تەنها ئەوانە نەبێت، کە پێچەوانە نین لەگەڵ بەندەکانی ئەم یاسایەدا.

## قانون إدارة بلديات إقليم كوردستان العراق رقم 16 لسنة 1993

ئەم یاسایە لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی (1991)ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان هات، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی، کە لە بواری بیناسازی دا لە کوردوستانی عێراق بەهۆی کەش و هەوای نالەباری سیاسیەوە هاتبووە کایەوە.
دوا بە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە هەرێمی کوردوستان لە ساڵی (1992) دا، ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی کوردوستان هەستا بە دەرکردنی چەندەها یاسای بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی شارو شارۆچکەکانی هەرێم. یەکێک لەو یاسایانە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردوستان بوو بە ژمارە (6)ی ساڵی (1993)، کە پشتی بە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی عێراق بە ژمارە (165)ی ساڵی (1964) بەستبوو.
یاساکە لە چەند بەشێک پێکهاتووە، لەوانە:

**بەشی یەکەم: زاراوەکان و ئەرکەکان**
تیایدا ناوی وەزیری لێپرسراو بۆ کاروباری شارەوانیەکان و ئەنجومەنی شارەوانیەکان و سەرۆکەکانی و ئیراداتی شارەوانیەکان بەیان کراوە،
بە پێی ئەم بەشە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیەکان لە پێنج ئەندام زیاتر و لە بیست و یەک ئەندام کەمتر ئەبێت و نەخشەیەکیش بۆ سنووری شارەوانیەکان ئەکێشرێت.

**بەشی دووهەم: درووست کردنی شارەوانیەکان**
شارەوانیەکان لە مەرکەزی شارەکان و قەزاکان و ناحیەکان دا درووست ئەکرێن، بە بێ گوێدان بە ژمارەی دانیشتوانەکانیان. لە لادێکاندا شارەوانی درووست ئەکرێت، بە ڕەزامەندی وەزیری شارەوانی گەشتوگوزار و ئەگەر ژمارەی دانتشتوانەکانیان لە (3000) کەس زیاتر بن. ئەم یاسایە ئەو شارەوانیانە ناگرێتەوە، کە پێش دەرچوونی یاساکە هەبون.
بۆ درووست کردنی شارەوانیەک، وەزارەت هەڵئەستێت بە درووست کردنی نەخشەیەک بۆ ناوچەکە و هەواڵەکە لە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی دا بڵاوئەکاتەوە و لە شوێنە ڕەسمییەکاندا بۆ خوێندنەوە و ئاگادار کردنی هاووڵاتیان بۆ ماوەی (30) ڕۆژ، ئەیخاتە ڕوو. لەم ماوەیە دا هاووڵاتیان و دامودەزگاکان ئەتوانن ڕەخنە و پێشنیارەکانیان سەبارەت بە بڕیارەکە بخەنە بەردەم شارەوانی، بۆ پیاداچوونەوە و بڕیاردان لێیان. پێشنیارەکان ئەخرێنە بەردەم وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ بڕیاردانی کۆتایی لێیان بە هەموارکردن یان بە موافەقەت کردن.
بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانان لە ئەنجومەنی شارەوانیەکانی شارەکان ئەتوانن سنووری شارەوانیەکانیان بکەن بە چەند ناوچەیەکەوە و بۆ هەر ناوچەیەک شارەوانیەکی تیا دابمەزرێنن، کە سەر بە شارەوانی شارەکان بێت و کارەکانی خۆیان سەربەخۆ جێبەجێ بکەن.
بەهەمان شێوە شارەوانیەکان ئەتوانن، چەند شارەوانیەک لەیەک بدەن یان هەڵبوەشێننەوە.
شارەوانیەکانیش بە پێی ژمارەی دانیشتوانیان پۆلێن ئەکرێن:

أ- شارەوانی پایتەختی هەرێم لە جۆری تایبەت ئەبێت،
ب- شارەوانی شارەکانی سلێمانی و دهۆک لە جۆری مومتاز ئەبێت،
ج- ئەو شارەوانیانەی ژمارەی دانیشتوانەکانیان لە (75000) زیاترن، لە جۆری یەکەم ئەبن،
د- ئەو شارەوانیانەی ژمارەی دانیشتوانەکانیان لە (15000) زیاترن، لە جۆری دووهەم ئەبن،
ج- ئەو شارەوانیانەی ژمارەی دانیشتوانەکانیان لە (5000) زیاترن، لە جۆری سێهەم ئەبن،
ج- ئەو شارەوانیانەی ژمارەی دانیشتوانەکانیان لە (5000) کەمترن، لە جۆری چوارەم ئەبن،

**بەشی سێهەم: هەڵوەشاندنەوەی شارەوانییەکان**

وەزیر بۆی هەیە لە ژێر ڕۆشنایی پێشنیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی دا، بە بڕیارێک شارەوانیەک هەڵبوەشێنێتەوە یان بیلکێنێت بە شارەوانیەکی ترەوە و هەواڵەکەش لە ڕۆژنامە ڕەسمییەکان دا بڵاو بکاتەوە. لەم کاتەدا واریدات و سەرچاوە داراییەکانی شارەوانیە هەڵوەشاوەکە ئەچێت بۆ شارەوانیە سەرەکییەکە یان ئەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.

**بەشی چوارەم: صەلاحییاتی شارەوانییەکان**

شارەوانییەکان دوو صەلاحییەتیان هەیە:

یەکەم: کاری موراقەبە کردن:

سەرۆکی شارەوانی و ئەندامەکانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی بە پێی هەڵبژاردنی ئاشکرا یان نهێنی لە خەڵکی ناوچەکە هەڵئەبژێردرێن و نابێت ئەندام بن لە هیچ ئەنجومەنێکی تردا. ژمارەی ئەندامەکانیش بەم شێوەیە و بۆ چوار ساڵیشە:

- بۆ شارەوانی لە جۆری تایبەت (17) ئەندام،
- بۆ شارەوانی لە جۆری مومتاز (13) ئەندام،
- بۆ شارەوانی لە جۆری یەکەم (11) ئەندام،
- بۆ شارەوانی لە جۆری دووەم (9) ئەندام،
- بۆ شارەوانی لە جۆری سێهەم (7) ئەندام،
- بۆ شارەوانی لە جۆری چوارەم (5) ئەندام،

کارەکانی ئەنجومەن ئەمانەن:

دانانی نەخشەی بنەڕەتی بۆ پارێزگا و شاروشارۆچکەکان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانەوە بۆ ناوچەی نیشتەجێ بوون و ناوچەی پیشەسازی و ناوچەی بازرگانی و ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان و دائیرەکان لێی بۆ پێشنیارکردن و ڕەخنە گرتن لێی لە ماوەی (60) ڕۆژدا. بەهەمان شێوە دانانی نەخشەی تەفصیلی بۆ ناوچەکان یان پرۆژەکان، ڕەخنەکانیش لە ماوەی (30) ڕۆژدا وەرئەگیرێن و دیراسە ئەکرێن و دوای تێپەڕبووونی (15) ڕۆژ بەسەریاندا، بڕیاری کۆتاییان لێوە ئەدرێت.

بۆ ئەم مەبەستە ئەنجومەن داوای لیستی ناوو ژمارەی ئەو بینایانە ئەکات کە ئەکەونە ناو پلانە بنەڕەتییەکانەوە و ڕێگر ئەبن لە جێبەجێ کردنی پلانەکان دا بۆ بە موڵک کردنیان بۆ ماوەی (20) ساڵ کە یاسا ڕێی پێداون. لەم ماوەیەدا شارەوانی ئەتوانێت ئیجازەی درووست کردنی بینا بدات بە خاوەن موڵکەکان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو هەتا کاتی جێبەجێ کردنی پلانەکان.

کارەکانی سەر شانی شارەوانی بریتین لە:

- پاککردنەوەی شەقام و جادەکان لە پیسی و پاشماوە و شتنیان بە ئاو،
- رووناک کردنەوەی شەقام و جادەکان،
- درووستکردنی مەجرای ئاوو ئاوەڕۆ و کۆکردنەوەیان و تەصفیەکردنیان،
- تەخت کردن و قیرتاو کردنی شەقام و جادەکان،
- تەرخان کردنی شوێنی پێویست بۆ مەبەستی ئاژەڵداری،
- تەرخان کردنی شوێنی قەسابخانە وبازاڕی فرۆشتنی گۆشت و سەوزە،
- دانانی ژمارەی بینا و ناونانی جادەکان،
- درووستکردنی پارکی سەوزایی و باخچەی حەسانەوە بۆ هاووڵاتیان،
- درووستکردنی بازاڕی عەسری و شوێنی وەستانی سەیارە و کارگەی پیشەسازی،
- درووستکردنی شانۆ و سینەما و شوێنی تەرفیهی و شوێنی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیان،
- دابین کردنی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە و بەکارهێنان وئاوەڕۆ و کارەبا.

Saiwani

شارەوانییەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی ئەم کارانە جێبەجێ ئەکەن:
- گەورەکردنی شەقام و جادەکان،
- قیرتاوکردنی جادەکان و تەخت کردنیان و چاندنی دارودرەخت لە لاکانیان دا،
- دروستکردنی پارک و شوێنی کات بەسەربردنی هاوولاتیان،
- جێبەجێکردنی هەردوو نەخشەی بنەڕەتی و تەفصیلی و درووستکردنی جادەکان بە پێی نەخشەکان کە لە پلانەکان دا دیاری کراون،
- ڕوخاندنی بینای تەپیوو،
- درووستکردنی بازاڕی دەواجن و ماسی و سەوزەوات بە پێی نەخشەکان،
- درووستکردنی حەوزی مەلەکردن و هۆڵی شانۆ و سینەما و یاریگا و ئوتێل و کازینۆ،
- درووستکردنی چێشتخانە و مۆزەخانە و کتێبخانە و حەمام.

بۆ ئەم مەبەستانەش، شارەوانی هەڵئەستێت بە دوورخستنەوەی پیشە زیانبەخشەکان بۆ شوێنی تایبەت و دانانی ڕێنمایی توند بۆیان. هەروەها شارەوانی هەموو ئەو بینایانە ئەڕوخێنێت و ئەیخاتە پلانیەوە بۆ ڕووخاندنیان، کە بێ ئیجازەی شارەوانی درووست کراون.
بە مەبەستی دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، شارەوانی هەڵئەستێت بە دابەش کردنی زەوی بەسەر هاوولاتیان دا و بە پێی تواناش خۆی بۆیان درووست ئەکات. بۆ ئەم مەبەستە شارەوانی ئەتوانێت بۆ باش کردنی باری دارایی خۆی، هەندێ کاری بازرگانی، وەک درووستکردنی کەرەستەی بینا و هەندێکی تر، بگرێتە ئەستۆ.

شارەوانی بە پێی یاسا و بە ڕەزامەندی وەزیر بۆی هەیە ، ئەو موڵکانەی کە لەژێر دەستەڵاتیدایە و بێ سوودن بە نرخی زەوییەکانی تەنیشتیان بە هاوولاتیان بفرۆشێتەوە، یان بیداتە شوێنە دینییەکان، بە مەرجێک زەوی تەرخانکراو نەبن بۆ نیشتەجێ بوون. ئەم کارە بۆ سەر شۆستەکان و شوێنە چۆڵەکانی ئەملاولای جادەکانیشە.
بە مەبەستی جێبەجێکردنی کارەکانی بە پێی تەصمیمی ئەساسی (نەخشەی بنەڕەتی)، شارەوانی بۆی هەیە بە پێی یاسا، بەشێک لەو زەوییانە بکات بە موڵکی خۆی بە بێ قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکانی، بە مەرجێک ڕووبەری زەوییە دابڕاوەکان لە (25%) ی ڕووبەری گشتی زەوییەکان کەمتر بێت. ئەگەر شارەوانی ڕووبەری زیاتری پێویست بوو، لەم کاتەدا زیادەکەی بۆ خاوەن موڵکەکە بە پێی یاسای موڵکدارێتی قەرەبوو ئەکاتەوە.
شارەوانی بەشی ڕووبەری شەقام و جادەکان لەو زەوییانەش جیا ئەکاتەوە، کە ڕووبەرەکانیان گەورەن و خاوەنەکانیان بە نیازی دابەش کردنیان بۆ پارچەی پچووک پچووک و ئەکەونە ناو تەصمیمی ئەساسی یەوە.
جیاکردنەوەکەش بەم شێوەیە:

- 25% ی ئەو زەوییانەی کە ڕووبەرەکانیان لە 5000 م$^2$ کەمترن،
- 25% ی ڕووبەری ئەو زەوییانەی کە لە نێوان 5000 م$^2$ و 10000 م$^2$ دان،

ئەگەر ڕووبەری زەوییەکان لە 10000 م$^2$ زیاتر بوون، ئەوا شارەوانی ڕووبەری پێویستیان لێ جیائەکاتەوە.
جیاکردنەوەی ڕووبەری زەوییەکانیش بە پێی ناوچەکانیان دەبێت:
- 40% ی ڕووبەرەکانیان لە ناوچەی یەکەم دا،
- 35% ی ڕووبەری زەوییەکانیان لە ناوچەی دووهەم دا،
- 30% ی ڕووبەری زەوییەکانیان لە ناوچەی سێهەم دا،
- 25% ی ڕووبەری زەوییەکانیان لە ناوچەی تایبەت دا.

شارەوانی هەڵئەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی شارەوانیەکەی، ئەگەر نیوەی زیاتری ئەندامەکانی لە دەست دا. لەم کاتەدا، وەزیر شارەوانیەکە هەڵئەوەشێنێتەوە، هەتا هەڵبژاردن ئەکرێت بۆ دامەزراندنی شارەوانیەکی نوێ.

Saiwani

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

دووەم: کاری تەنفیز کردن:
أ- صەلاحیاتی سەرۆکی شارەوانی ئەمانەی خوارەوەن:
- ئیدارەکردن و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی،
- بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی شارەوانی و موڵکەکانی،
- ئیمزاکردنی نووسراوەکانی شارەوانی،
- نوێنەرایەتی کردنی شارەوانی لەبەردەم دادگادا خۆی یان جێگرەکەی،
- نووسین و پێشکەشکردنی تەقریری ساڵی و شەش مانگی و کۆتایی بە شارەوانی.

سەرپێچی کردنی بڕیارەکانی شارەوانی دەرحەق بە کاروباری بیناسازی بەستراوەتەوە بە جەزای یاساییەوە، وەک فڕێدانی خۆڵ و خاشاک لەسەر شەقام و جادەکان و لێدانی زێراب بۆ ئاوی پیس و خستنە سەر شەقامی هاتووچۆ.

بەشی حەوتەم: هەمەڕەنگ
هەموو شەقام و جادەکان لە سنووری شارەوانیدا موڵکی شارەوانین بە بێ بەرامبەر و لە بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیاندا ئەبن، ئەگەر بە ناوی کەسی ترەوە تۆمار نەکرابن.

Saiwani